# کەمپینی جیهانی بۆ هاوپشتی لە( رادیۆی بۆ پیشەوە )

# رادیۆی عیلمانی و ئازادی و یەکسانی لە عێراقدا

ریکخراوی ئازادی ژنان لە عێراقدا لەگەل یەکیتی بیکاران لە دەرەوەی عیراق کەمپەینیکی جیهانیٍیان سازداوە بۆ پشتگیری کردن لە دەنگی رادیۆی بۆ پیشەوە لە عیراق–بەغدادا.

رادیۆی بۆ پێشەوە کە لە دوای 8ی نیسانی 2003ەوە دانرا، بە دەنگی هێزە رادیکالەکانی کۆمەلگای عیراق دەنگی خۆی گەیاندە گویگران، ئەم رادیۆیە دەنگی ژنانی ئازادیخواز و پیاوانی بەرگری لە مافەکانی ژنانە ، دەنگی بیکارانە ، دەنگی مافەکانی منالانە و دەنگی هەموو چینە ژیردەستەکانی کۆمەلگای عیراقە ...

ئەم رادیۆیە دژی کاری تیرۆریستی ئیسلامیٍیەکانە ، دەنگێکی بەرزو بلندە لەبەرامبەریاندا و ماهیەتی بزووتنەوەکانی کە بە( مەقاوەمەت) ناسراون ئەخاتە روو ، ئەو بزوتنەوەیەی کە بە کاری کوشتن و فراندنی خەلکی بێتاوانی عیراق ئەیەوێت دەسەلاتی سیاسی بە دەست بینیٚ..دەنگی بەرزی رادیۆی بۆ پیشەوە دەنگی عیلمانی و ئازادیخوازانە بۆ وەستانەوە بە دژی لیك ترزانی پایەکانی کۆمەلگای مەدەنیەت لە عیراقدا ، دژی تایەفەگەری و ناسیۆنالیزم و دین و عەشایەرییە ، دیفاعی تەواو لە لە مەدەنیەتی خەلکی عیراق ئەکات ....

رادیۆی بۆ پیشەوە راستیٍیەکان بە خەلك رادەکەیەنێت. درۆو دەلەسەکانو پرۆپاگەندەی ئەمەریکا لە ژیر ناوی دیموکراتی و مافی مرۆڤدا ، حەقیقەتی بەرپاکردنی جەنگی ئەمەریکا دژ بەعێراقو خەلْکی عێراق...

رادیۆی بۆ پیشەوە جیگای بروای خەلکی عیراقە ، وە پەردە لەسەر ئەو چەواشە کاریانە لادەبات کە دەزگای ئیعلامی عەرەبی و غەربی بۆ چەواشە کردنی خەلکی لە پیناو بەرژەوەندیٍیەکانیاندا بەکاری دێنن..

ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراقو یەکیتی بیکاران لەعیراق، داوا لە ئازادیخوازان ئەکەین لەجیهاندا ئەوەندەی پیٍیان ئەکریت کۆمەك بە رادیۆی بۆ پیشەوە بکەن تا دەنگی بەرزی بگاتە دوورترین شار و لادیٍی عیراق چونکە تەنها دەنگە کە جەماوەری بتوانن بەهۆیەوە، دەنگی ئازادیخوازی وعیلمانی و یەکسانیخوازی و ناوەوە و دەرەوەی عیراق ببیستن ..

گرێنتی ئەوەی ئەم دەنگە ئەگاتە هەموو ژنان و لاوان و هاوولاتیانی عیراقی بەندە بەوەی چەندە بتوانین کۆمەکی بکەین ، بۆ ئەوەیجەماوەری عیراق بتوانن وە بۆ یەکەمین جار دەنگیان وە قسەکانیان ئازادانە بلین و و گویٍیان لە دەنگی هەر کەسیك بیت بیەویت راستیٍیەکان بزانیت.
هەر یارمەتیٍیەك لە گەورەوە بۆ بچوك شوینی شیاوی خۆی ئەگری بۆ خەلکی عیراق کە شایانی ریزو پیٍزانینە..

**نادیە مەحمود–نوینەری ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق لە دەرەوەی وولات**

**ئاسۆ جەبار– نوینەری ریکخراوی یەکیتی بیکارانی عیراق لە دەرەوەی وولات**

**ئالا فەرەج–نوینەری ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق لە فنلاند**

**هۆزان محمود–سەرنوسەری بلاوکراوەی ئیکوەل رایت ناو**

**هەر بریکی پارە ئەنیرن ، بۆ ئەم ژمارە حسابییانەی خوارەوەی بنیرن وە لە بری پارەکە و بەرواری ناردنەکەی ئاگادارمان بکەن :**

**Middle East Centre for Women's Rights**
**- Barclaybank- Sort Code: 20-80-57**
**Account Number: 8098 1567.**
**Address: Caxton House- 129 St John's Way, London, N19-3RQ- UK.**
**Tel: 0044 207 263 1027-**
**Mobile: 0044 789 00 65 933. www.equalityiniraq.com**
**-nadia64uk@yahoo.com**

**Aso Jabbar: Union of Unemployed in Iraq: UUI, Post Box 325, CH-3000 Bern 11, Tel: 0041 78 882 55 89 - Email:asojabbar@yahoo.com, www.uui.com**